# بەکارهێنانی ناوسک بین (الناظور) ڕۆژوو ناشکێنێت

[ كردي – کوردی – kurdish ]

## شێخ موحەممەد صاڵح المنجد


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# منظار المعدة هل يفسد الصيام

« باللغة الكردية »


## الشيخ محمد صالح المنجد



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# بەكارهێنانی ناوسک بین (الناظور) ڕۆژوو ناشكێنێت

**پرسیار** : من نەخۆشیەك لە گەدەمدا هەبوو، دكتۆر بۆی نووسیم كە بە ئامێری ناوسك بین (الناظور) پشكنین بۆ گەدەم بكەم، ئایا بەكارهێنانی ئەم ئامێرە لەكاتێكدا بەڕۆژوو بیت ڕۆژوو دەشكێنێت؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە.

**وەڵام**: سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە.

(ناظور) ناوسك بین ئەو ئامێرە پزیشكیەیە كە لەڕێگەی دەمەوە دەخرێتە ناو گەدەوە، بۆ ئەوەی ناو گەدەی پێ ببینرێت، یان پارچەیەكی لێ وەربگیرێت بەمەبەستی پشكنین بۆی، یان بۆ هەندێك كاری تری پزیشكی بەكاری دەهێنن، لە دوای تەواو بوونیش ئەو ئامێرە هەر لەڕێگەی دەمەوە دەهێنرێتە دەرەوە.

زانایان ڕایان جیاوازە سەبارەت بەو شتەی كە دەگاتە ناو گەدەی مرۆڤ، ئایا بە هەموو شێوەیەك ڕۆژوو دەشكێنێت ئەگەر خواردن و خواردنەوە بێت، یان غەیری خوادرن و خواردنەوەیش بێت، وە

ئایا ئەگەر هاتوو تەنها خواردن و خواردنەوە بوو ڕۆژوو دەشکێنێت؟

هەر سێ مەزهەبەکەی مالیکی و شافعی و حەنبەلی لەسەر ئەوەن هەر شتێك بگاتە ناو گەدەی مرۆڤ ڕۆژوو دەشکێنێت، بەم پێیەش بێت خستنە ناوەوەی ئامێری ناوسك بین(ناظور) بۆ ناو گەدە ڕۆژووی پێ دەشکێت.

حەنەفیەکانیش لەسەر ئەو ڕایەن هەرچی شتێك بگاتە ناو بۆشایی گەدەی مرۆڤ بەمەرجێك ڕۆژوی پێ دەشکێت ئەگەر هاتوو لەناو گەدەدا جێگیر ببێت، بەم پێیەش لەسەر ڕای حەنەفیەکان خستنە ناوەوەی ئامێری ناوسك بین (ناظور) ڕۆژووی پێ ناشکێت چونکە لەناو گەدەی مرۆڤدا جێگیر نابێت و نامێنێتەوە تێیدا، بەڵکو پاش ئەنجامدانی پشکنینەکە دەردەهێنرێت [ بۆ زیاتر دڵنیا بوون دەتوانیت سەیری ئەم سەرچاوانە بکەیت: تبيين الحقائق" للزيلعي (٣٢٦/١)، "المجموع" (٣١٧/٦)، "الشرح الكبير" (٤١٠/٧)، "شرح منتهى الإرادات" (٤٤٨/١)، "بداية المجتهد" (١٥٣/٢) ].

شێخ الاسلام ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو ڕایەی پەسەند کردووە کە ڕۆژوو تەنها بە گەیشتنی خواردن و خواردنەوە (مغذي) بە ناو گەدە دەشکێت، بۆیە لەم بارەیەوە ووتویەتی:« **والأظهر** : **أنه لا يفطر بابتلاع ما لا يغذي كالحصاة** »[ مجموع الفتاوى (٥٢٨/٢٠) ] واتا: ڕای ڕوون ئەوەیە: قووتدانی شتێك كە خواردن و خواردنەوە نەبێت ڕۆژوو ناشكێت، وەك قووتدانی بەرد لەسەر ئەم ڕایەش خستنە ناوەوەی ئامێری ناوسك بین ڕۆژوی پێ ناشكێت، بەلای ئێمەشەوە ئەم ڕایە ڕایەكی دروستترە، چونكە دەقەكان بەڵگەن لەسەر ئەوەی خواردن و خواردنەوە ڕۆژوو دەشكێنن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ ﴾ [البقرة/١٨٧] واتا : دە بخۆن و بخۆنەوە هەتا بە ڕوونی بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ دەردەكەوێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاردەدات و تاریكی شەو لادەبات، لەوەودوا ڕۆژووەكەتان ببەنە سەر تا شەو دادێت و (خۆرئاوا دەبێت).

ئاشكرایه ئهم ئامێری ناوسك بینهیش نه خواردنه و نهخواردنهوه، وه هیچ مانایهكی خواردن و خواردنهوهیشی تێدا نییه، وه هیچ هێزێكیش نادات به لاشه و جهستهی مرۆڤ و (مغذي) نییه .

بهڵام ئهگهر هاتوو ئهم ئامێره ههندێك مادهی چهوری لێدرا بۆ ئهوهی به ئاسانی بچێته ژوورهوه بۆ ناو گهده، یان ههندێك ئاوێتهی خوێی لهگهڵدا چووه ژوورهوه كه بهكاری دههێنن بۆ نههێشتنی ههندێك لهمپهر بۆ ئهوهی به ئاسانی كرداری وێنهگرتنهكه ئهنجام بدرێت، ئهوا كهسی ڕۆژووهوان ڕۆژووهكهی بهتاڵ دهبێتهوه، چونكه لاشهی ئهو كهسه ئهو چهوری و خوێیه ههڵدهمژێت و هێز و قوهت دهدات بهو كهسه، وهك خواردن و خواردنهوه.

شێخ ابن عثیمین (ڕهحمهتی خوای لێ بێت) دهڵێت : ئهوهی ئاشكرایه ههرشتێك بگاته ناو گهدهی مرۆڤ ڕۆژووی پێ دهشكێت لهسهر مهزههبی ئیمامی ئهحمهد، بۆیه ههركاتێك مرۆڤ ئامێری

ناوسك بینی خستە ناو گەدەیەوە ئەوە ڕۆژوەکەی دەشکێت، (لەسەر مەزهەبی ئیمامی ئەحمەد) .

بەڵام ڕای دروست و پەسەند ئەوەیە بەکارهێنانی ئامێری ناوسك بین(ناظور) ڕۆژی پێ ناشکێت، لەکاتێکدا نەبێت ئەگەر هاتوو ئەو ئامێرە چەور کرا، یان هەر مادەیەکی تری لەگەڵدا بەکارهێنرا، ئەوا ڕۆژووی پێ دەشکێت، بۆیە دروست نییە ڕۆژووەوان بەکاربهێنێت لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت .

لەبڕیارەکانی (کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی) یشدا هاتووە:

بەکارهێنانی ئەم شتانەی خوارەوە ڕۆژووی پێ ناشکێت: یەکێك لەوانەی باسکراوە: بەکارهێنانی ئامێری ناوسك بین (ناظور)ــە، ئەگەر هاتوو هیچ گیراوە و شلەمەنیەکی تری وەك چەوری و خوێ لەگەڵ بەکار نەهێنرا[مجلة المجمع (١٠/٢/٤٥٣-٤٥٥)] .

پوختەی وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە:

ئامێری ناوسك بین ئەگەر خرایە ناو گەدەوە بەبێ بەکارهێنانی هیچ مادەیەکی تری وەك چەوری و خوێ و شتی تر، ئەوا ڕۆژووی

پێ ناشکێت، بەڵام ئەگەر هاتوو مادەی چەوری و هاوشێوەکانی لەگەڵدا بەکارهێنرا، ئەوە ڕۆژی ڕۆژووەوانی پێ دەشکێت .

بۆ زیاتر شارەزاییش دەتوانیت چاوێك بە پەرتووکی (مفسدات الصيام المعاصرة) دكتور أحمد الخليل لاپەڕە (٣٩-٤٦) بخشێنیت.

خوای گەورەش زاناترە .